## دیسانەوە دەرخستنی نوسەرێک لەلایەن دەسەڵاتەوە لای خۆشمان هەناسەیەک نیە بۆ ئازادی... ئامانج عەبدوڵا سوور

لەنامەکەی دا ئەحمەد ئەمین بەکورەکەی ئەڵی ئەودەمەی تۆ رۆحت سوکە هەموو دنیا ئەتپەرستی، ئەودەمەی خۆت شتی هەموو دنیا دانت پیائەنی من ئەگەر بەکێشی هەموزەوی زانا بم بەتۆ هیچ نابری نازناوێك نەبی کەوەك بەفری سەرچیا ئەرەوێتەوە...
زۆرێك هەن دوور لەم ئامۆژگاریانە لەسەر باڵی دەسەڵات وحزبێك بە ئاسماندا تەی ئەکەن لی هەتا سەر باڵە فرەیان نابی تەنیا کەسانگەلێك گوی بیستیانن کەشەوانە بەدیار فرکردنی پێکێکەوە دنیاییان لی ئەبێتە دڵی یار، رەنگبی ژمارەیك دەروێشیش بەدیار بەیتێکیانەوە حاڵ بیگری وبێژی هەموو دنیا قەڵەمی فلان ی تیا نابی بەڵام هەموو دنیاش ئەوە ئەزانی ئەمان بەدەردی وشترخۆرەکە سەریان کردووە بەکۆشی خۆڵدا تاکەس نەیانبینێ پاشەڵیان پی ناشارێتەوە، نوسەرمان هەیە ئەوبەر خێرێکیشی لەدەست ببێتەوە رەخنەی لی ئەگری ئەمبەریش ئەکاتە فریشتەی رەحمانی، بەپێچەوانەشەوە هەر هەیە، شاعیرێکی وەك رەنج سەنگاویش بۆ جاری سی یەم هەڵبەستە کانی کەتاییەتە بەهەرزەکان چاپ ئەکری ولەشاشەی کوردسات بەئەندازەی موعەلەباتی ئاڵتونسا ریکلامی بۆ ئەکەن رۆژانە لەخوێندنگاکاندا قوتابی بۆ کۆ ئەکەنەوە ئەڵێن گوی لەم تۆلستۆیە بگرن!!!
کاك بەختیاریش سەرباری ئەوهەموو توانا ولێهاتویەیەی لەبورای ئەدەبی ئیقتیباسدا ماوەی رابردووی پشتگیری سوتانی مۆنمێنتەکەی کرد بەڵام پراوپری کرد لەتەشیرکردن بەوبەر هەنوکەش شاباشەکەی حەڵاڵ ئەکات..
دنیا سەیری لی بەسەرهاتووە من بەناوی خۆمەوە ئەنوسم بەرپرسم لەوەی کەدەیڵێم باوەرم بەچەمکی دیموکراسیە، حاڵی حازر لەبەردەم ئەم تاقی کردنەوەیەشدام، ئەم سایتە (کوردستان نێت) بەدەنگی نەتەوەییەکان وسەکۆی ئازاد ئەناسم لی بەرێز بەرپرسی ئەم سایتە بابەتەهەستیارەکانم داناگری دواجار بۆم ئەنوسی سوکایەتی بە بەرامبەر بەبابەتەکەتەوە دیارە.
ئەی لەکوی هەناسەبدەم کاك عومەر فارسی بەرێز؟ خۆلای ئێوە هەناسەیەك هەبوو بۆ ئازادی من ئامادەم بۆ هەناسەدانێکی ئازادیم بچمە کونجی زیندانەوە.. پی ئەچی ئەم بابەتەشم دانەگیری بەڵام بارێکی ئاساییە لەلام!!
لەسەر کۆنەبەعسیەك بابەتم نوسیوە کەئێستا گاردێکی مۆسیقا لەپشتێوەیەتی ومۆنۆپۆڵی میوزیکی کوردی کردووە من بەبەڵگەوە لەسەری دواوم وابۆ مانگ ئەچی دانەبەزیووە ئازادی کوا لەکوێیی؟؟چەندە دڵم کەیلە بۆی!!!!!!

تێبینی/دوای لی بوردن لەخوێنەرانی کوردستان نێت ئەکەم کەماوەیەککە کەمتر بابەت دائەگرم ئاخر کەدەریچەی هەناسەدان بگیری بۆ بنوسم؟؟؟

تێبینی کوردستان نێت:
برای بەڕێزم کاکە ئامانج، کوردستان نێت هەرگیز سڵی نەکردۆتەوە لە بڵاوکردنەوەی بیری ئازاد، بەلاشییەوە گرنگ نییە ڕەخنە لە کێ دەگیرێ و سەر بەکام بەرە. ئەرشیفی هەشت ساڵەی ئەوە دەسەلمێنێ. کاتێ داوا لە نووسەرێك بکرێت لە کاتی ڕەخنەگرتندا ناوی ڕەخنەلێگیراو وەك خۆی بنوسێت بۆنمونە: ( لە جیاتی قادر نە نوسێت قالە، ئەحمەد نەنووسێ ئەحە، مەحمود نە نووسێ خولە، ئیبرایم نەنووسێ بلە) ئەمە مانای ئەوە نییە ئێمە دەست دەخەینە سەردەم و لووتی و هەناسەی لێدەبڕین و نایەڵین بە ئازادی بدوێ.
دەربارەی کۆنە بەعسییەك گاردی مۆسیقای لە پشتەوە بێت، بابەتی وامان بەدەست نەگەشتووە. ئێمە تا سەرئێسقان ئامادەین بۆ ڕسواکردنی کۆنە بەعسییەکان بەمەرجێك بە بەڵگەوە بەعسیبوونیان بسەلمێنرێت (بەتایبەت ئەوانەی دەستیان هەبووە لە کوشتن و ئازاردانی میللەتەکەمان). ... لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستی بۆ بەڕێزت.... ك.ن